# ئازادی

FREEDOM OF SOCIETY

کۆمەڵگە

ژمارە(٤٨) پـاییـز (٢٠٢٤)

سیاسیـــــة، اجتماعية فصلية

گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



## سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان

جەمیل بایک



## ستەمکاریی بژاردە

ڕێناتا سالێکڵ





## وانەکانی کۆبانێ

موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری

## کوردەکان: فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سلاڤۆی ژیژەک

## لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک

ڕامین گارا

## شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان

وەلید عومەر

## واتای ئیمپریالیزم

هاری ماگدۆف



ڕێزێک بۆ

## دەیڤد گرایبەر

2024

## هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٤٨ پاییزی ٢٠٢٤




# ڕێزێک بۆ

# دەیڤد گرایبەر

David Graeber

**بەشداران**
جەمیل بایک
وەلید عومەر
مەنسوور تەیفووری
شاهۆ عوسمان
وریا ئەحمەد
فازڵ مەحموود
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
سوورێن ئیبراهیم
ئیمان سەلیم
شادیار شۆڕش
مەریوان کاکەیی
هەردی دولبەر

**دیزاین**
گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**
چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**
٥٠٠دانە

**نرخ**
٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**
پاییزی٢٠٢٤

**ژمارە**
٤٨



**دەستەی نووسەران:**
نەجیبە قەرەداخی
پ.د.سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**
د.محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**
گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**
ئەحمەد باجەڵانی

له سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

## پێڕست

سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایك ........................................ ٩
پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت–نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بنکۆڵکاریی ........................................ ٥١
شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر ........................................ ٦٩
کوردەکان؛ فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەك ........................................ ٨١
وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور – مەنسوور تەیفووری ........................................ ٨٧
کۆڵۆنیاڵ و دژماناکانی
شاهۆ عوسمان ........................................ ٩٥
واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف ........................................ ١٠٩
لێکۆڵینەوەی پۆستکۆڵۆنیالیزم و ئەدەب
فازڵ مەحموود ........................................ ١٢٥
سوبێکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور
تۆد مەك‌گوان ........................................ ١٣٢
ستەمکاریی بژاردە
ڕێناتا سالێکڵ ........................................ ١٤٥
لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیك
ڕامین گارا ........................................ ١٥٧
«داخۆ ئەگەری دیموکراسیی لە سووریا هەیە؟» هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن.
دەیڤد گرایبەر ........................................ ١٨٣
قەرز چییە؟
چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیڤید گرەیبەر ........................................ ١٩١
تێزەکانی کەمالیزم
ئیبراهیم کاپاکایا ........................................ ٢١٥
ڕانان بۆ پەڕتووکی ‹بەرگرییکردن لە گەلێك›
هەردی دولبەر ........................................ ٢٢٣

REEDOM OF SOCIETY


**لەبری پێشەکی:**

«گۆشەگیریی بەردەوامە... ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێنرێت، هێزی تیۆری و پراکتیکیی ئەوەم هەیە ئەم دۆخە لە زەمینەی پێکدادان و توندوتیژییەوە بگوازمەوە بۆ زەمینەیەکی یاسایی و سیاسی».

عەبدوڵڵا ئۆجالان

٢٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

گرتووخانەی ئیمراڵی جۆری F



# سوبێکت و تێربوون:
# بەربەستی بێسنوور

تۆد مەکگوان
لەئینگلیزییەوە: شێروان ئیبراهیم

بلیمەتیی سەرمایەداریی، گرێدراوی شێوازی مامەڵەی ئەم سیستەمەیە لەگەڵ پەیوەندیی نێوان سوبێکت[1] و تێربوونەکەی. سەرمایەداریی وا دەکات، سوبێکتەکان خۆیان لە تراومای تێربوونی خۆوێرانکەر بەدوور بگرن و لە بەڵێنی ئاییندەیان هەڵدەژەنێت. سەرمایەداریی لە ئاست زەروورەتی لەدەستداندا کوێرمان دەکات و لەنێو لۆژیکی سەرکەوتنیشدا نغرۆ، ئەمە لە حاڵێکدا، سەرکەوتن هیچ نییە جگە لە ڕێگەیەک بەرەو شکست. بونیادەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی سەرمایەداریی، پێویستیان بەوەیە سوبێکت بیر لە سەرکەوتن بکاتەوە نەوەک شکست، گەرنا ئەم بنیادانە لەکار دەکەون. فەنتازیای بەدەستهێنانی ئۆبێکتی لەدەستچوو[2]، بۆ مانەوەی سەرمایەداریی پێویستە.

سەرمایەداران بڕوایان وایە، لە ڕێگەی وەبەرهێنان لەنێو سیستەمی سەرمایەدارییدا، دەتوانن ئۆبێکتی لەدەستچوو بەدەست بهێنن. ئەمە بە ڕوونیی لە حاڵەتی بەکاربردنی کاڵادا بەدیار دەکەوێت: بەکاربەران هەر کاڵایەکی نوێ دەکڕن، ئومێدیان ئەوەیە، ئەم ئۆبێکتە هەمان ئەو ئۆبێکتە بێت وا ئەوپەڕی تێربوون دەستەبەر دەکات. وەلێ پاش چێژێکی بەرایی، دووچاری تێرنەبوونی فرەتر دەبن، سا بۆیە کاڵایەکی نوێ دەکڕن کە هەمان بەڵێنی وەهمیی هەڵگرتووە. زۆرێک لە خەڵک ئۆتۆمبێلی نوێ دەکڕن، نەک لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبیلە کۆنەکە پەکی کەوتووە، بەڵکوو خوازیارن ئەو تێربوونە لە ئۆتۆمبیلە نوێیەکەدا

---

1- Subject.

2- The lost object.

بدۆزنـەوە کـە ئۆتۆمبیلـە کۆنەکـە پێـی نەبەخشـیوون. گـەر کاڵای کـۆن ئـەم تێربوونـە ببەخشـێت، ئـەوا سـەرمایەداریی لـەکار دەکەوێت، چیتـر بەکاربـەران هەڵـوەدای ئـەو کاڵا نوێیانـە نابـن وا پێویسـتیان پێیـان نییـە. مارکـس ئەمـە نـاو دەنێـت بەرهەمهێنانـی پێویسـتی لەلایـەن سـەرمایەدارییەوە، کـە وەک سـوبێکتگەلێکی بـاوەڕدار بـە ئیمکانـی دەسکەوتنی ئۆبێکتی تێرکەری ڕاستەقینە، مامەڵـە لەگـەڵ بەکاربـەران دەکات[٣]. سـەرمایەداریی بەگوێـرەی میتۆنیمـی[٤] ئـارەزوو، بەکاربـەر لـە کاڵایەکـەوە ڕەوانـەی کاڵایەکـی تـر دەکات.

کێشـەکە ئەوەیـە، تـا سـوبێکت لـە ئۆبێکت[ـی ئـارەزوو] نزیکتـر ببێتـەوە، ئۆبێکت کەمتر ئارەزووکراو دەبێت، دەگۆڕێت بۆ وێنەیـەک کە چیتر توانای فەراهەمکردنی تێربوونی بەڵێندراوی نییە. ناکۆکییەکی ڕەهـا لـە نێـوان وێنـەی ئۆبێکت و چەنـد ڕەهەندێکی دیکـەی ئۆبێکت دەبینرێتـەوە ـ واتـە ئۆبێکـت وەک ئـەو پاشـماوەیەی لەنێـو جیهانـی نواندنـەوەدا جێـی نابێتـەوە، هـەر ئـەوەی دەیکاتـە ئارەزووکـراو. نزیکبوونـەوە [لـە ئۆبێکتـی ئارەزووکراو]، کاریگەرییەکـی زیانبەخشـی لەسـەر ئـارەزووی سـوبێکت و ئارەزووکراویـی ئۆبێکـت هەیـە.

هەمـان کێشـە یەخـەی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەدارییش دەگرێت.

٣- لـە سـەرەتای پەڕتووکـی «دەستنووسـە ئابووریـی و فەلسـەفییەکان» مارکـس پێـی وایـە، سـەرمایەداریی لـە ڕێگـەی بەرهەمهێنانی پێویسـتیی نوێوە کار دەکات، دەیبەسـتێتەوە بـە فەوتانـی ئـەو سـوبێکتەی ئـەم پێویسـتییە نوێیانـەی دەسـت دەکەوێت. دەڵێت: «هـەر کەسـێک لای خۆیـەوە گریمانـەی ئافراندنـی پێویسـتییەک دەکات لەنێـو ئـەوی تـردا، تاوەکـو ئـەوی تـر بـۆ قوربانیدانـی نـوێ هـان بـدات، بیخاتـە نێـو وابەسـتەبوونێکی نـوێ، ڕایبکێشـێت بـەرەو شـێوازێکی نوێـی تێربـوون، تـا سـەر دەکێشـێت بـۆ داڕمانـی ئابووریـی». Karl Marx, Th e Economic and Philosophic Manuscripts of 1844 , trans. Martin Milligan (New York: International, 1964), 147

4- Metonymy.

سەرمایەداران گەرەکیانە ئاستی بەرهەمێنانی پرۆسەی بەرهەمهێنان زیاتر بکەن، بەشکو قازانجی زیاتر و زیاتریان دەست بکەوێت، کەچی زیادبوونی ئاستی بەرهەمهێنان دەبێتە مایەی داکشانی ڕێژەی قازانج. کورت و پوخت، کۆشش و تەقەلاکان بۆ هەڵکشاندنی قازانج دەبێتە بەربەستی بەردەم قازانج. لەمیانی شیکارییە وردەکەی بۆ پرۆسە دژییەکەکانی سەرمایەداریی، مارکس سەرنجی ئەم ئایرۆنییە دەدات. ئەوەتا دەڵێت: «داکشانی ڕێژەی قازانج، بەرئەنجامی کەمیی ئاستی بەرهەمهێنانی کار نییە، بەڵکوو بەرئەنجامی زیادبوونێتی. هەڵکشانی ڕێژەی زێدەبەها[5] و داکشانی ڕێژەی قازانج، دوو فۆرمی گوزارشتن لە هەڵکشانی ئاستی بەرهەمهێنانی کار بە پێوەری سەرمایەداریی»[6]. کرۆکی ئەو خاڵەی مارکس لێرەدا دەیوروژێنێت ئەوەیە، ئاخۆ مرۆڤ تیۆری زێدەبەها دەپەژرێنێت یان نا. سەرمایەداران یەکپشوو بۆ زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی کار لە پیشەسازییەکی دیاریکراودا هەوڵ دەدەن، کەچی ئەم زیادکردنە سەر بۆ ڕێژەیەکی کەمتری قازانج دەکێشێت. کاری باشتر وا دەکات سەرمایەداران بتوانن بە نرخێکی هەرزانتر بەرهەمەکان بفرۆشن، دەی ئەمەش بۆ بڕی قازانجی بەدەستهاتووی سەرمایەداران زیانبەخشە. پارادۆکسێکی نێو سیستەمی سەرمایەداریی ئەوەیە، هەوڵەکان بۆ قازانجی زیاتر، سەر بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی قازانج دەکێشێت.

---

5- surplus-value.

6- Karl Marx, Capital: A Critique of Political Economy, vol. 3, trans. David Fernbach (New York: Penguin, 1981), 347.

لـە زیادکردنـی ئاسـتی بەرهەمهێنانـدا، سـەرمایەداران بـەدوای ئۆبێکتـی ئارەزوویانـدا دەگەڕێـن ـزیادبوونـی بەردەوامـی قازانـجـ، ئاخیرەکـەی، هەمـان ئـەو شـتە لەدەسـت دەدەن کـە بەدوایـا وێڵـن [قازانـج]. هـەر بـەو ڕەنگـە، لەنێـو سـەرمایەدارییدا، پێچەوانـەی باوەڕی بـاو، قەیـران بەرئەنجامـی کەمیی بەرهەمهێنـان نییـە، بەڵکوو بەرئەنجامی زێدەبەرهەمهێنانە. قەیرانی سـەرمایەداریی، بەرئەنجامـی بەرهەمهێنانـی زیاتـر و ئۆبێکتـی زۆرتـرە. وەختێـک بەرهەمهێنـان زیاتـر دەبێـت و ئابووریـی سـەرمایەداریی دەبووژێتـەوە، ئـەوکات ئابـووری دەگاتـە خاڵێـک، چیتـر بەکاربـەران پـارەی پێویسـتیان نییـە بـۆ کڕینـی بەرهەمـەکان، لێـرەوە قەیـران سـەر هەڵـدەدات. قەیرانـی فرەیـی و زۆروزەبەنییـە، نـەوەک قەیرانـی دەگمەنـی و کەمپەیدایـی؛ ئەمـەش هاوتەریبـی ئـەو قەیرانەیـە وا هەمیشـە بەرۆکـی ئـارەزوو دەگرێـت. وەکچـۆن سـەرمایەداریی گیـرۆدەی قەیـران دەبێـت، ئـاواش ئـارەزوو بڕێکـی بێشـوماری ئۆبێکتـی لەبەردەسـتە، کەچـی هیچکامیـان ئـەو تێربوونـە نارەخسـێنن  وا بەدوایـدا دەگەڕێـت. لـە هـەردوو گۆڕەپانـی بەکاربـردن و بەرهەمهێنانـدا، سـەرمایەداریی لەنێـو لۆژیـک و سـنووردارێتیی ئـەو فەنتازیایـەدا گیـر دەخـوات، گوایـە ئۆبێکتـی تێرکـەر بوونـی هەیـە. بـەم فەنتازیایەوە دەنووسـێت و هەمیشـە هەوڵـی خۆبەدوورگرتـن دەدات لـە تراومـای ئـەو شکسـتەی لـە هەنـاوی سـوبێکتیڤیتەدایە. کەڵەکەبوونـی سـەرمایە، داینەمـۆی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەدارییە. سـەرمایەدار لەپێنـاو کەڵەکـەی زیاتـر وەبەرهێنـان دەکات، جـا سـەرمایەی زیاتـر هەمـان کارکـردی ئۆبێکتـی ئـارەزووی هەیـە کـە بـەردەوام دەردەکەوێتـەوە. ئـەو دەمـەی بـڕی پێویسـت لـە

سەرمایە کەڵەکە دەکەم، پێشبینیی تێربوون دەکەم، کەچی ئەو تێرنەبوونە ئەزموون دەکەم وا هەردەم هاوشانی بەدەستهێنانی ئۆبێکتی ئارەزووە، بۆیە بەدوای بڕێکی زیادەدا دەگەڕێم و گرێی دەدەمەوە بەو تێربوونە لەدەستچووەم. سەبارەت بە بەرهەمهێنەری سەرمایەدار، هیچ کۆسپێکی کاتیی و شوێنیی لە بەردەم ئەم پرۆسەیەی ئارەزوو و تێربووندا لەگۆڕێ نییە؛ دەکرێت بۆ ئەبەد بەردەوام بێت، هەروەها زنجیرەکانی ناکامیی باندۆر دەخەنە سەر زیادکردنی وەبەرهێنانی سوبێکت لە نێو سیستەمی سەرمایەدارییدا، چون شکستی ئەمڕۆ، وزەبەخشی بەڵێنی سبەینێیە.

ئەمە تەنها سەرمایەدار وەک سوبێکتێک ناگرێتەوە، بەڵکوو بۆ خودی سەرمایەش ڕاستە. خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و لە سۆنگەی تێپەڕاندنی چەندێتیی خۆیەوە وەک سەرمایە خۆی بەهێز دەکات. لە کتێبی گروندریسە، مارکس وەسفێکی فیتی ئەم پێڤاژۆیە دەکات وا زایەڵەی دەروونیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەڕەنگێنێتەوە؛ مارکس دەڵێت: «وەک نوێنەری فۆرمی گشتیی سامان_پارە_، سەرمایە پاڵنەرێکی بێکۆتا و بێسنوورە و دەتوانێت بەربەستە سنووردارکەرەکانی تێپەڕێنێت. گەرەکە هەر سنوورێک [Grenze] بۆی ببێتە بەربەست [Schranke]، گەرنا چیتر نابێتە سەرمایە_واتە پارەی خۆبەرهەمهێن»[7]. گۆڕینی سنوور بۆ بەربەست، مەرجێکی سەرەکییە بۆ خۆبەرهەمهێنانی سەرمایەداریی. گەر سەرمایە وەها ڕەفتار بکات وەک ئەوەی سنوورەکان هەر سنووری ڕاستەقینە بن،

7- Karl Marx, Grundrisse , trans. Martin Nicolaus (New York: Penguin, 1993), 334.

نەوەک ببنە بەربەستێک بۆ تێپەڕاندن، ئەوا چیتر نابێتە سەرمایە، ئەوکات ئێمەش لەنێو سیستەمێکی تردا جێ دەگرین، سیستەمێک بەندە لەسەر بونیادی سوبێکتیڤیتە نەوەک لێڵبوونی سوبێکتیڤیتە[8].

ئەمە تەقریبەن سەبارەت بە بەکاربەری سەرمایەداریش ڕاستە. لەبری گەڕان بەدوای کەڵەکەکردنی سەرمایە، بەکاربەر بەدوای ئەو کاڵایەدا دەگەڕێت وا ئەوپەڕی تێربوون دەستەبەر دەکات کە گرێدراوە بە ئۆبێکتی لەدەستچووەوە. هەر کاڵایەکی نوێ دەگاتە بازاڕ، بەڵێنی تێربوونی هەڵگرتووە. نوێترین مۆبایل و یاریی ڤیدیۆیی و پۆشاک و ئۆتۆمبیل دەکڕم، بەو ئومێدەی ئەو تێربوونە دەستەبەر بکات وا کاڵای پێشوو شکستی هێناوە لە دەستبەرکردنی، کەچی هەموو جارێک بە ناکامیی دەگەڕێمەوە. ڕەنگە بە دەسکەوتنی کاڵای نوێ بۆ ساتێک چێژ ببینم، وەلێ دەستبەجێ دووربوونی [ئەم کاڵایە] لە ئۆبێکتی لەدەستچووی مەحاڵ دەردەکەوێت. ئەوجار دیسانەوە نغرۆ دەبمەوە لە گێژاوی ئارەزووی بەدەستهێنانی کاڵایەکی تر کە هێشتا شکستی نەهێناوە لە دەستەبەرکردنی تێربوونەکە.

دۆخی مناڵ لەنێو سەرمایەداریی هاوچەرخدا، دەرکەوتن و دەستبەجێ ونبوونی ئۆبێکتی لەدەستچوو بەرجەستە دەکات. مناڵ دەپارێتەوە بۆ ئۆبێکتێک، وەکبڵێی ئەم ئۆبێکتە هەموو چێژێکی

---

٨- ڕاستییەکەی، چەمکی [Grenze] هەروا بە سادەیی مانای سنوور نییە، بەڵکو مانای سنووری نێوان نەتەوەکانیش دەگرێتەوە، ئەمەش ئەوەندەی تر گرنگی دەبەخشێتە بانگەشەکەی مارکس. سنووری نەتەوەیی هەرگیز نابێتە سنوورێک لەبەردەم سەرمایە، وەک مارکس بانگەشەی بۆ دەکات، سەرمایەداریی هەر لە سەرەتاوە جیهانگیر بووە.

ڕێتێچوو بەرجەستە دەکات؛ کەچی دوای چرکەیەک لە بەدەستهێنانی ئەم ئۆبێکتە، منداڵەکە تا دەستی دەیگرێت فڕێی دەدات، وەکبڵێی لەو تێربوونەی تۆزێک پێش ئێستە بەڵێنی پێ دەدا، خاڵیی بووەتەوە.

هەرکەس گۆڤانی ئەم ئەزموونە بەربڵاوە بێت، ئەستەمە بەرەنگاریی ڕاڤە دەروونشیکارییەکە بێتەوە دەربارەی ئۆبێکتی لەدەستچوو و ڕۆڵی ئەم ئۆبێکتە لە ئارەزووی سوبێکتدا. کتومت وەک بەرهەمهێنەری سەرمایەداریی، شکستی چەندبارەی بەکاربەر، نابێتە مایەی خاوبوونەوەی وەبەرهێنان لە پرۆسەی بەکاربردندا، بەپێچەوانەوە زیاتری دەکات. چون سەرمایەداریی سەرتاپا بەگوێرەی لۆژیکی سەرکەوتن کار دەکات، دەتوانێت پاڵنەری نەستەکیی سوبێکت بۆ شکست تێر بکات. جا بۆیە هەرکات سوبێکتەکانی سەرمایەداریی دەگەنە ئۆبێکتێکی نوێ و نائومێدکەر، تێرنەبوونێکی بەردەوام ئەزموون دەکەن؛ ئیتر لە ڕێی ئەو دووبارەبوونەوەی بەرئەنجامی گەڕانی بەردەوامە بەدوای کاڵای دواتردا، تێربوون دەدۆزنەوە. بۆ مانەوەی سەرمایەداریی لە دەسەڵاتدا ئەم دینامیکە گەلێک پێویستە. ئەگەر سەرمایەداریی تەنها تێرنەبوون و بەڵێنی تێربوونێکی لە ئاییندەدا پێشکەش بکردایە، ئەوکات سوبێکتەکان هەرگیز بەرانبەر ئەم سیستەمە نەرمییان نەدەنواند. بەڵام سەرمایەداریی تێربوونێکی ڕەسەن دەستەبەر دەکات _تێربوونی لەدەستدان_ لەژێر پەردەی تێرنەبوونددا. ئەوەی وەک جووڵەیەکی تێرنەکەر دەردەکەوێت و لە کاڵایەکەوە بەرەو کاڵای دواتر پاڵمان دەنێت، ڕاستییەکەی دووبارەبوونەوەیەکی تێرکەری لەدەستدانی

ئۆبێکتە. وەهمی بەدەستهێنان بەڵێنی هەڵاتن لە تراومای سوبێکتیڤیتە دەڕەخسێنێت، کەچی سوبێکت سەرتاپێ لەنێویدا جێگیر دەکات.

لەڕێی فەراهەمکردنی تێربوون لە فۆرمی تێرنەبووندا، سەرمایەداریی تاڕادەیەک لە تراومای سوبێکتیڤیتە بەدوورمان دەگرێت، بەبێ دوورخستنەوەی ئەو تێربوونەی پێشکەشی دەکات، هەر ئەمەش بلیمەتیی سەرمایەدارییە.

بۆ ئەوەی لە پەیوەندیی نێوان تێربوون و تێرنەبوون لەمیانی کارکردنی سەرمایەدارییدا تێبگەین، نابێت وەسوەسەی جیاکردنەوەیان فریومان بدات. وەکبڵێی هەریەک لەم دوو کۆنسێپتە دوو ڕوانینی جیاواز بۆ هەمان بونیاد بەرجەستە بکەن، کەچی خۆی لەبنەڕەتدا هیچ بونیادێکی تایبەت دەستنیشان ناکات. تێرنەبوونی بەردەوام و ئومێدی ئایندە، فۆرمی دەرکەوتنی تێربوونی سوبێکتە، فۆرمێکی دەرکەوتنی سازاوە لەگەڵ ئاگایی و سیستەمی سەرمایەداریی. وەلێ ئەم دەرکەوتنە لەخۆڕازیبوونی سوبێکت داناشکێنێت، ئەو تێربوونەی لە سایەی ڕژێمی سەرکەوتنی سەرمایەدارییدا بەردەوام دەبێت. سوبێکت لە سایەی سەرمایەدارییدا تێر دەبێت، بەڵام تا ئەو کاتەی لە نێو سیستەمی سەرمایەدارییدا وەبەر دەهێنرێت ناتوانێت دان بەم تێربوونەدا بنێت.

مکوڕبوونی سەرمایەداریی لەسەر وەهمی سەرکەوتن لە سەر حیسابی زەروورەتی شکست، بۆ کارکردنی ئەم سیستەمە پێشمەرجێکی بنەڕەتییە. ئەو سوبێکتانەی ئەم وەهمە قبووڵ ناکەن، بەردەوام عەودالی ئۆبێکتی ئارەزووی نوێ نین، بۆیە نابنە بەکاربەر

و بەرهەمهێنەری باش، بەمەش تەگەرەیەک دەخەنە نێو کارکردنی سیستەمی سەرمایەدارییەوە. خۆیان بە ئۆبێکتە کۆنباوەکان قایل دەکەن و دان بەو تێربوونەدا دەنێن وا لە شکستی ئۆبێکت بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکەیانەوە بەرجەستە دەبێت. لەو سوبێکتانە نین بە کەمتر لە ئۆبێکتە تێرکەرەکان پێمل نەبن (وەک ئەوەی لایەنگری پرەنسیپی واقیع بن)، لەبری ئەوە، تێربوونی خۆیان لە کەموکورتیی ئۆبێکتدا دەدۆزنەوە. ئەو ئۆتۆمبیلەی لاکانی قوپاوە و بە هەزارحاڵ بە هەورازەکاندا هەڵدەزنێ، بۆ ئەم سوبێکتانە سەرچاوەی تێربوونە.

پاڵەوانە مەزنەکانی ئەدەبی ئەمریکیی _کاپتن ئەهاب، هەک فین، جەی گاتسبی، حیکایەتخوانی پیاوی نەبینراو_، هەرگیز ئەم هەنگاوە نانێن. لەکۆتایی هەر ڕۆمانێکدا، ئەم کارەکتەرانە بەدوای ئۆبێکتێکی گونجاودا دەگەڕێن، تەنانەت گەر بەم کارەش دژی نەزمی کۆمەڵایەتیی بوەستنەوە.

هەک فین شارستانییەت جێ دەهێڵێت، بە ئومێدی دۆزینەوەی ئەو ئۆبێکتەی ئارەزووەکەی بەدی دەهێنێت. بەم مانایە، ئەویش هاوشانی ئەوانی تر، دیلی دەستی ئەو لۆژیکی سەرکەوتنەیە وا سەرمایەداریی پێشنیاری دەکات. هەرچەند ئەم پاڵەوانانە بێنێوەڕۆکیی فەنتازیای ئەمریکیی دەردەخەن، بەڵام هێشتا باوەڕیان بە هەبوونی ئۆبێکتی تێرکەری ڕاستەقینەیە. واتە، هێشتاش وەک نموونەی هەرە بەرچاوی سوبێکتیڤیتەی سەرمایەداریی دەمێننەوە.

وەختێک مرۆڤ درک بەوە دەکات هیچ ئۆبێکتێک تێربوونی

تەواوەتیی نارەخسێنێت، ئەوکات دەتوانێت لەڕووی دەروونییەوە لە سەرمایەداریی بێبەریی بێت. لێرەدا، مرۆڤ دەتوانێت بەشداربوون لە بەرهەمهێنانی بەردەوامیی سەرمایەداریی ڕەت بکاتەوە، ئەم ڕەتکردنەوەیەش یەکانگیرە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی لۆژیکی سەرکەوتن. ڕاستە ئەم ڕەتکردنەوەیە بە تەنها نابێتەی مایەی کەوتنی سەرمایەداریی، وەلێ پێشمەرجی سیاسەتی شۆڕشگێڕییە. سەرمایەداریی لە ڕێی یەخسیرکردنی ئارەزووی سوبێکتەکانەوە، پاڵیان دەنێت بۆ وەبەرهێنان لەنێو بەرهەمهێنانەوەی سیستەمدا، بەڵام ڕێک هەر لەم ئاستەدایە، سوبێکت پێی دەکرێت کە دەستبەرداری سیستەمی سەرمایەداریی ببێت. خودی لۆژیکی سوبێکتیڤیتە لەگەڵ سەرمایەداریی نەسازە، بۆیە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەڵتەرناتیڤێک کە دەتوانێت وێنای شێوازێکی تری بەرهەمهێنان و بەکاربردن بکات.

لەخۆڕازیبوونی سوبێکت پێویستیی سەرمایەداریی ئاڕاستە دەکات بەرەو ئەو سوبێکتانەی هەرگیز لەخۆیان ڕازیی نین. ئەم لەخۆڕازیبوونە لەنێو سیستەمی سەرمایەدارییدا مایەی سەرئێشەیە، چونکە ئایدۆلۆژیای سەرمایەداریی هەردەم تەقەلایەتی تا ئەم هەستی لەخۆناڕازیبوونەی سوبێکت بئافرێنێت. ئافراندنی ناڕازیبوون و تێرنەبوون، تاکە ئامانجی ڕیکلامە. ئەم ڕیکلامە وێنەی پیتزایەکی گوایە بەتام پیشان دەدات، نیازێتی باوەڕ بە بینەران بهێنێت هەرچییەک ئێستە هەیانە، هاوتای چێژی ئەم پیتزایە نییە؛ یان پارچەیەک ئاوازی گۆرانییەکی نوێ بڵاو دەکاتەوە، گوایە لە هەموو گۆرانییەکی کۆن بەچێژترە. بەکاربەری لەخۆڕازیبوو چیتر بەکاربەر

نییە، بۆیە چەمکی ڕازیکردنی کڕیار لە بنەڕەتدا چەمکێکی گومڕاکەرە. ڕەنگە کۆمپانیاکان ئاستێک لەخۆڕازیبوونی کڕیاریان بوێت، بەڵام ئامانجیان ئەوەیە، ئەوەندەش نارەزاییی و تێرنەبوونی ڕەهایە بمێنێتەوە، تا کڕیار بگەڕێتەوە بۆ کڕینی کاڵای نوێ. ئەو سوبێکتەی لەدەستدانە بونیادییەکەی قەبووڵ دەکات، تەرێز لەم نارەزابوون و تێرنەبوونە دەگرێت. ستراتیژی بەرهەمهێنان بۆ لەباوکەوتنی پلان بۆدانراو، پێکهێنەرێکی سەرەکییە بۆ فراوانبوونی بەردەوامی سەرمایەداریی، هەروەتر پشت بە هەبوونی ئەو سوبێکتانە دەبەستێت وا باوەڕ بە بەڵێنی کاڵا نوێیەکان دەکەن. هەمان ئەو سوبێکتانەی تێربوونی نێو کاڵا شکستخواردووەکەیان لەکیس چووە؛ واتە ئەو تێربوونەی بەرئەنجامی شکستە، ئەو تێربوونەی سوبێکتەکانی نێو سەرمایەداریی ئەزموونی دەکەن بێ ئەوەی درکی پێ بکەن.

## سەرچاوە:

- Todd McGowan, Capitalism and Desire: The Psychic Cost of Free Markets, Columbia University Press, 2016.

★★★

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزا و ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقورنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ-چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی-هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم و زین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەر مارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com